MOlSA 7/1.1.1
MOlSA 7/2.1.2
MOlSA7/1-4-1

رێنمایی ژمارە(٢) بۆ ساڵی ٢٠٠٧

**دەستەدانەی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

MOlSA 7/2.1.1 ← **پشت بە بەندەکانی مادەی (٢٣) لە یاسای کارژمارە (٧١) ساڵی ١٩٨٧**

بڕیاری دەرچوونی ئەو ڕێنمایانەی خوارەوەمان دا :

**مادەی یەکەم .**

**یەکەم** . بیانی : هەر کەسێك ڕەگەز نامەی عێراقی هەڵنەگرتبێت و بیەوێت کار بکات لە هەرێمی کوردستان بە پیشەی کرێکار لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو و هەرەوەزی .

**دووەم** . کار : هەر کارێك ئەنجام بدرێت لە لایەن کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو و هەرەوەزی .

**سێهەم** : مۆڵەتی کار : بەڵگەنامەیەکی فەرمیە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەچێت بە پێی نموونەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕێنماییە .

**چوارەم . کۆمپانیای کرێکار هێنەر** : هەر کۆمپانیایەکی مۆڵەت پێدراو و تۆمار کراو بە شێوەیەکی فەرمی بە هێنانی کرێکاری بیانی لە دەرەوە بە پێ ی یاساو ڕێنمایی یەکانی چاودێری کراو .

**پێنجەم . کۆمپانیای کرێکاری بیانی کار پێ خەر** : هەر کۆمپانیایەکی مۆڵەت پێدراو و تۆمار کراو بە شێوەیەکی فەرمی بە بەکار خستنی کرێکاری بیانی بە پێ ی یاساو ڕێنمایی یەکانی چاودێری کراو .

**شەشەم** . مۆڵەتی کۆمپانیا : بڕوانامەیەکی فەرمیە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەچێت ، بە و کۆمپانیایە دەدرێت کە مافی هێنانی کرێکاری بیانی هەیە .

**مادەی دووەم :**

مۆڵەتی کار لە لایەن وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یان ئەو کەسەی سەرپشك دەکرێت لە لایەنیەوە دەبەخشرێت لە دوای فەراهەمبوونی ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییەوە هاتوون .

**مادەی سێهەم .**

خاوەن کار لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو هەرەوەزی بۆی نیە کرێکاری بیانی کار پێبکات ئەگەر مۆڵەتی کار وەرنەگرێت بە پێی مەرج و ڕێکارە دیاری کراوەکانی ئەم ڕێنماییە .

**مادەی چوارەم** : کرێکاری بیانی بۆی نیە دەست بەکار بێت تاکو مۆڵەتی کار وەرنەگرێت .

**مادەی پێنجەم :**

لەکاتی دەرکردنی مۆڵەتی کار پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت :

**یەکەم** . چەندین پێویستی هەرێمی کوردستان بە دەستە کاری بیانی هەیە لە سەر ڕۆشنایی داخوازی بازاری کارو بە پێی پێویستەکانی پارێزگاکانی هەرێم لە پاش دڵنیابوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن .

**دووەم** . پشتگیری فەرمانگەی ئاسایشی تایبەت تاوەکو ڕێگری ئاسایشی نەبێت بۆ بەکار خستنی کرێکاری بیانی .

# قانون العمل رقم (71) لسنة 1987

عنوان التشريع: قانون العمل رقم (71) لسنة 1987
التصنيف: قانون عراقي

المحتوى 10
رقم التشريع: 71
سنة التشريع: 1987

MdSA 7/2-1-1

مادة 23
لا يجوز تشغيل اي عامل اجنبي مالم يكن قد حصل على اجازة عمل وفقا للشروط والاجراءات التي تحدد بتعليمات يصدرها وزير العمل والشؤون الاجتماعية .